مەزڕوم عەبدی: لە ئەگەری زیادبونی هێرشەکاندا لە حەڕەب دەستەوەستان نابین



مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە جەخت دەکاتەوە، لە ئەگەری زیادبونی هێرشی گروپە چەکدارەکانی سەربە حکومەتی دیمەشقدا بۆ سەر گەڕەکەکانی شێخ مەقسودو ئەشرەفیە، دەستەوەستان نابین.

مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە، ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هاوار نیوز، پشتیوانی هەسەدەی بۆ بەرگریی قارەمانانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە گەڕەکەکانی شێخ مەقسود و ئەشرەفیەی حەڕەب لەدژی هێرشەکانی گروپە چەکدارەکانی سەربە دیمەشق نیشانداوە.

ئەو وتوشیەتی، ئەوەش لەکاتێکدایە کە جیاوازییەکی گەورە لەڕوی ژمارە و کەرەستەی سەربازییەوە لەنێوان گروپە هێرشکارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا هەیە کە بە ژمارەیەکی کەم و چەکی سوکەوە لەبەرامبەریاندا وەستاونەتەوە.

جەختیشی کردبتەوە، ئەمە لە هێزەکانی سوریای دیموکرات-هەسەدە، دەستەوەستان نابین لە ئەگەری زیادبونی ئەم هەرشانەی گروپە چەکدارەکانداو لە ئێستادا مەترسی لەسەر بونی گەلەکەمان هەیە لەو دو گەلەکە.

ئەوەشی خستبتەڕو، ئەوەی کە حکومەتی دیمەشق هەردو گەلەکەی حەلەبی وەک ناوچەی سەربازی راگەیاندوە و بڕدومانە هەلەمەکیەکانیش بەردەوامن، ئامانج لەمانە راگواستنی بەزۆری دانیشتوانی کوردی رەسەنی ئەو دو گەلەکەیە و ئەوەش کردەوەیەکە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جەنگەوە.

جەختیشی کردبتەوە کە هەوڵی بەزۆر راگواستنی کورد لەو دو گەلەکە قبوڵکراو نییەو رەتی دەکەنەوە.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، ئەمە هەر لە سەرەتای هێرشەکانەوە تاوەکو ئێستاش نەوەستاوین بۆ گەلان بەدوای دڵزینەوەی چارەسەردا بۆ راگرتنی ئەم هێرشانە، چ لەگەی دەستپێشخەرییەکانی خەمانەوە بێت یاخود لەگەی ئەو دەستپێشخەرییانەوە بێت کە لەلایەن وڵاتانی گەرەنتیکارەوە بۆ هەورکردنەوە لە سوریا خراونەتەڕو، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی سوریا سەرجەم هەوڵەکانی بۆ هەورکردنەوەی دڵخەکە رەتکردونەتەوە.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، پەنابردنی حکومەتی سوریا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی، وا دەکات کە سوریا بگەڕێتەوە بۆ بازنەی توندوتیژی و کوشتن کە هەموان تێیدا زیانمەند دەبن و ئەوەش پێشێلکردنی رێککەوتنەکانی نێوانمان، چی رێککەوتنی 10ی ئازار بێت یان رێککەوتنەکەی 1ی نیسانی پەیوەست بە گەلەکە کوردیەکانی حەلەب.

لەکۆتایی لێدوانەکەیدا مەزڵوم عەبدی جەختی لەوە کردبتەوە کە گفتوگۆ و راگەیاندنەوە بنەمایە بۆ چارەسەرکردنی هەر جۆرە کێشەیەک کە هیچ و ئەمە لای خەمانەوە جەخت لە گرنگی گفتوگۆ دەکەینەوە وەک بنەمایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەو قەیرانەکان و ئامادەین بۆ پابەندبون لەپێناو گەیانەوە بۆ گفتوگۆ و کۆتاییهێنان بە کوشتن.